# ڕۆژوو وەک فـــديه وكـــەفارەت

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : حاجی ئومێد چروستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( الصيام كفدية وكفارة )

« باللغة الكوردية »

إعداد : أوميد عمر جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ڕۆژوو وەک فـــدیە وکـــەفارەت

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود ورەحمەتی فراوانی بۆ سەر گیانی پێغەمبەری ئیسلام وهاوەڵ وسەرجەم شوێن کەوتوانی هەتا هەتایە.

خوشك وبرایانی بەڕێز لەم وتارەدا باسی گرنگی ڕۆژووتان بۆ دەكەین لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا لەڕووی ئەوەی ڕۆژوو تەنها ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان نیەو بەس، بەڵكو لەقورئانی پیرۆزدا ڕۆژوو لەچەند جێگایەكی تردا بەگرنگ وهەند وەرگیراوە، هەندێك جار وەك ( فدیة ) هاتووەوهەندێك جاری تریش وەك ( كفارة )، ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرنگی ڕۆژووگرتن دەردەخات، بەوەی ڕۆژوو عیبادەت وپەرستشێكی مەزن وگەورەیەوبەهۆیەوەمرۆڤی باوەڕدار زیاتر خۆی لەپەروەردگار پێی نزیك دەكاتەوە، جا گرتنی بێت بۆ ( كفارة ) یان وەك ( فدیة ) .

**یەكەم :** ڕۆژوو وەك ( فدیة ) ی حەجی تەمەتوع : ئاشكرایە لای باوەڕداران كەئێمەی موسڵمان حەج و عومرەمان لەسەر فەرزە لەتەمەنماندا یەكجار، ئەویش بەچەند شێوەیەك دەكرێت، یەكێك لەو شێوانە ئەوەیە ئەو كەسەی كەدەچێت بۆ حەج نیەتی حەج وعومرەكەی بەیەكەوە بهێنێت كە لەكتێبە فقهیەكاندا پێی دەوترێت :(حج التمتع ) جا ئەگەر كەسێك بەو شێوەیەنیەتی حەج وعومرەكەی هێنا ئەوە لەسەر واجب دەبێت كەلەحەرەمی مەككەی پیرۆز ئاژەڵێك ( مەڕ یان بزن ) وەك فدیەسەرببڕێت بۆ خوای گەورە، ئەویش لەبەر ئەوەی كەبەیەكەوە حەج وعومرەكەی كردووە ولەنێوانیاندا پشووی داوەو ئیسراحەتی كردووەو ئیحرامی شكاندوە، جا ئەگەر كەسێك نەیبوو ئەو ئاژەڵەسەر ببڕێت ئەوا دەتوانێت لەبری ئەوەدە( ١٠ ) ڕۆژ بەڕۆژوو بێت  سێ ڕۆژیان لەكاتی حەجدا وحەوت ڕۆژەكەی تریان پاش ئەوەی گەڕایەوەبۆ وولاتی خۆی، وەك خوای گەورەدەفەرموێت : ( فَمَنْ تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَـجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَـــامِلَةٌ .... ) { البقرة : ١٩٦ } واتە:هەركەسێك لەسەرەتاوە ئیحرامی بەعومرە بەست و ئەركەكانی بەجێهێنا وپاشان وویستی تەمەتوع لەزەت وەربگرێت لەنێوان عومرە وحەجەكەیدا، هەتا كاتی ئیحرام بەحەج بەستن، ئەمجا ئیحرامی بەحەج بەستەوە، دەبێت بەگوێرەی توانای خۆی ئاژەڵێك وەك فدیەبدات، ئەوجا هەركەسێك بۆی نەكرا

ودەستی نەڕۆیشت، دەبێ لەباتی ئەوە- پێش ڕۆژ عەرەفە- سێ ڕۆژ لەڕۆژەکانی حەج بەڕۆژوو بێت، حەوت ڕۆژیش هەرکاتێ گەڕانەوە ماڵەوە، ئەوەدەکاتە ( دە ) ڕۆژی تەواو ..

**دووەم :** ڕۆژوو وەك کەفارەتی کوشتنی بەهەڵەوبێ مەبەست ( القتل الخطأ ) : خۆشەویستان لەیاسا ودەستور وشەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا هەرکەسێك بەبێ تاوان وبەبێ بوونی حەقێك کەسێك بەوویست ( عن قصد ) بکوژێت ئەوەئەگەر خزم وکەس وکاری کوژراوە کە بکوژەکەیان عەفوو نەکرد وونەیان بەخشی، ئەوا دەبێت لەتۆڵەی کەسی کوژراودا بکوژەکە بکوژرێتەوە.

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم کوشتنە بەوویست و ( عن قصد ) نەبوو واتە بەهەڵەبوو، وەك ئەوەی نیشانەی لەئاژەڵێك گرت بۆ ڕاوکردنی بەڵام کەسێکی پێوەبوو بەو فیشەکەیان بەو تیرەکوژار، یان بەئۆتۆمبیل نەیزانی دای لەکەسێك ووەفاتی کرد، لەم کاتەدا ئەو کەسەدەبێت بەندەیەك ئەگەر هەبوو وەك سەردەمی کۆن ئازاد بکات و خوێنەکەشی بدات بەکەسو کارەکەی، خۆ ئەگەر بەندە نەبوو ئەوا دەبێت لەبری ئەوەدوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، وەك خوای گەورەدەفەرموێت : ( وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَنْ يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلَّا أَنْ يَصَّدَّقُوا فَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ وَإِنْ كَانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا) { النساء : ٩٢ } واتە: ڕێ نەدراوە هیچ باوەڕدارێك باوەڕدارێکی تر بکوژێت، بەختا وبەهەڵەنەبێت، ئەگینا کوشتنی موسڵمان بەناهەق هەرگیز ڕەوا نیە، جا هەرکەسێك مرۆڤێکی باوەڕداری بەهەڵەکوشت، دەبێ لەتۆڵەیدا دوو شت ئەنجام بدات، یەکەم ئازاکردنی بەندەیەکی باوەڕادر - چونکە گوناهێکی گەورەی کردووە- دووەم خوێنێك بەکەس وکارەکەی بدرێ، مەگەر ئەوان بیکەنەصەدەقەوبیبەخشن، خۆ ئەگەر کوژارەوەکە لەتیرەیەکی خوا نەناسی دوژمنتان بوو وبەڵام خۆی موسڵمان بوو، ئەوا یەك شتی دەکەوێتەسەر ئەویش ئەوەیە بەندەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات، خۆ ئەگەر ئەو مرۆڤە ئیماندارە کوژراوە لەتیرەیەکی بێباوەڕی هاوپەیمانتان بوون، ئەوا ئەو کاتەدەبێت خوێنەکەی بدرێت بەکەس وکارەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا بەندەیەکی باوەڕدار ئازاد بکات، جا هەر کەسێك بەندەی دەست نەکەوت ئازای بکات یان توانای کڕینی نەبوو ، ئەوا دەبێت دوو مانگی ڕەبەق لەسەریەك وبێ ووچان بەڕۆژوو بێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە خوای گەورە پەشیمانی وتەوبە لەبکوژەکە وەربگرێت وخواش زانای کار دروستەوئەزانی چ پریارێك چاکەبۆ بەندەکانی .

کەواتە لەهەموو حاڵەتەکاندا واجبەلەسەر کەسی بکوژ بەندەیەك ئازاد بکات، جا خۆ ئەگەر بەندەنەبوو وەك ئەم سەردەمەی خۆمان ، یان لەکۆندا دەسەڵاتی نەبوویێت بەندەیەك بکڕێت وئازادی بکات، ئەوەدەبێت دوو مانگ لەسەر یەك وبێ پرانەوە بەڕۆژوو بێت، تاوەکو خوای گەورە لەگوناهی خۆش بێت وتەوبەی لێ وەربگرێت .

**سێهەم :** ڕۆژوو وەك كەفارەتی سوێندی كەوتوو ، ئەو سوێندەی كەدەخورێت وپاشان وەفا ناكرێت بەبەجێهێنانی كەلەكتێبە فقیەكاندا بە( اليمين المنعقدة ) وەك ئەوەی كەسێك سوێند بخوات كەكارێك بكات، بەڵام پاشتر وەفای نەكرد بەسوێندەكەی وكارەكەی ئەنجام نەدا، خوای گەورەلەم بارەیەوە دەفەرموێت : ( **لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الْأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ .....** ) { المائدة : ٨٩ } واتە : خوای گەورەبەسوێندی سەرزارەكی وبێ مەبەست وبێ نیاز، وەك ئەوەی كەسێك بڵێت : ( نا واللە ، بەرێ واللە ) ناتانگرێ و سزاتان نادات، بەڵام بەو سوێندانەی دەتانگرێ وسزاتان دەدات كەبەدڵ مەبەستانەوگرێی دەدەن، وپاشان نایشیبەنەسەر، جا دەبێت لەكەفارەتی ئەم جۆرە سوێندانە خۆراك بە دە كەسی بێ نەواو وهەژار بدەن، لەو جۆرەخواردنەی كەڕۆژانەبەماڵ ومنداڵ وخێزانی خۆتانی دەدەن، یان ئەگەر ئەوەتان نەكرد ئەتوانن پۆشاك بۆ دەهەژار بكڕن وپۆشتەیان بكەنەوە، یان دەبێت كۆیلەیەك ئازاد بكەن، ئەمجا هەركەسێك ئەوانەی نەبوو، ئەتوانێت سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت، ئەوەی باسكرا كەفارەت وتۆڵەی ئەو سوێندانەیە بەئەنقەسەت خواردووتانن ودەیانشكێنن .

**چوارەم :** ڕۆژوو وەك كەفارەتی ( الظهار ) واتە كەسێك بەخێزانی بڵێ تۆ وەك دایكم وایت بۆ من :

كەسێك ئەگەر هاتوو ناخۆشیەك كەوتەنێوانی ئەو وخێزانیەوە، یان هەر بەبێ بوونی ناخۆشیش، بەخێزانی ووت : تۆ وەك دایكم وایت، یان وەك پشتی دایكم وایت، لەناو عەرەبەكاندا كەسێك ئەگەر وویستبێتی بڵێ بەخێزانی تۆ وەك دایكم وایت ووتویەتی : ( أنت كظهر أمي ) واتەتۆ وەك پشتی دایكم وایت بۆ من، بەو مانایەی هەر چۆن پشتی دایكم لێ حەرامە، ئاواش تۆم لێ حەرام بێت .

لەم بارەیەشەوەپەروەردگار دەفەرموێت : ( **وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنْ نِسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (٣) فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا فَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ (٤)** { المجادلة : ٣ - ٤ } واتە: ئەوانەی وا دەڵێن بەهاوسەرەكانیان تۆ وەك دایك وایت ودوایی پەشیمان دەبنەوەلەوەی كەوتویانە، ئەوەدەبێت كۆیلەیەك ئازاد بكەن پێش ئەوەی ئەو ژن ومێردەبەیەك بگەنەوە، چونكەئەو پریارەئێوەی پێ ئامۆژگاری دەكرێت، خوایش ئاگادارەبەو كاروكردەوانەی ئەنجامی دەدەن ... (٤) ئینجا ئەوەی كۆیلەی دەست نەكەوت، ئەوەدەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت پێش بەیەكگەیشتنیان، جا ئەوەی ناتوانێت بەڕۆژوو بێت، با شەصت هەژار تێر بكات هەرەیەكەیان لەژەمێك خواردن، ئەوەی كەباسكرا بۆ ئەوەیە باوەڕتان پتەو بێت بەخواو پێغەمبەرەكەی ( چونكەخوا چارەسەر دادەنێت بۆ گیرو گرفتەكان )، ئەو پڕیارانەش سنووری خوان، بۆ ئەوانەش كەكافرن ( ملكەچی فەرمانی خوا نابن ) سزای بەئێش وئازار بۆیان ئامادەیە.

جا بەڕێزان لەڕوانگەی ئەم ووتارەوەبۆ مان ڕوون بویەوەکەپلەو پایەی ڕۆژوو لەئیسلامدا هەر تەنها ڕۆژووی ڕەمەزان نی یەبەتەنها، بەڵکو ڕۆژوو فیدیەیە، ڕۆژوو کەفارەتی گوناهـ وتاوانیشە بەشێوەیەك هۆکارێکی سەرەکیەبۆ لێخۆش بوونی خوای گەورە، مرۆڤ لەتاوان پاك دەکاتەوە، وەك چۆن تێزاب زێڕ وزیوو لەخەوش وخاڵی پیسیان پاك دەکاتەوە، تەناتەت ڕۆژوو هۆکارێکی سەرەکیەبۆ خۆپاراستنی گەنجان ولاوان لەخراپە وداوێن پیسی، وەك لەفەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووەکەپێغەمبەری ئازیزمان دەفەرموێت : **( یا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج، ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء )** { رواه البخاري ومسلم } واتە: ئەی دەستەی لاوان وگەنجان ئەوانەتان کەتوانایان هەیەباخێزان دروست بکات وژن بهێنێت، چونکەبەڕاستی ژنهێنان چاوی مرۆڤ دەگرێتەوە لەتەماشاکردنی حەرام وئەیپارێزێت لەداوێن پیسی، خۆ ئەگەر هەرکەسێك توانای ژنهێنانی نەبوو ئامۆژگاری دەکەم بەڕۆژوو گرتن چونکە ڕۆژوو گرتن ڕێگری دەکات لەکەوتنە ناو تاوانەوە .

لەخوای گەورە دواکارین لەم مانگی ڕەمەزانەدا لەتاوانی هەموو لایەکمان خۆش ببێت وبمان گێڕێت لەئوممەتی محمد المصطفى ( صلى الله عليه وسلم ) .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .